# بارزانی و وەفدە یاوەرەکەی، خواستی خەڵکی کوردستانیان سەرکوت کرد !

**وەفدی ئەحزابی کوردی بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، پاش ئەوەی کە بە ماندوبونێکی زۆر لە ڕەشنوسی دەستوردا کوردستانیان لکاند بە عێراقەوەو خەڵکی کوردستان‌و عێراقیان خستە ژێر چنگی کۆنەپەرسترین یاساو ڕیساوەو کۆمەڵگای عێراقیان خستۆتە بەردەم هەڕەشەی جەنگی تائیفی‌و قەومی ئەمەشیان نێو ناوە "دەستکەوتێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان‌و عێراق" دوینێ 29/ئاب لە گەل گەیشتنەوەی وەفدی "ئەحزابی کوردی" بۆ شاری هەولێر بارزانی ڕایگەیاند"**... من پێموایە زۆر روونە، لە دیباجەکە دەڵێت، ئیلتزام بەم دەستوورە زامنی پاراستنی یەکێتی عێراقە، پاشان لە شوێنێکی تر دەڵێت بە ئارەزوی خۆمان ئێمە بڕیارماندا کە یەك بگرین، ڕەنگە ئەو دەستەواژەی کە ئێمە دمانەویست زۆر بە زەقی مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین نەدات، بەڵام هەمان واتە دەبەخشێت و عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانە بە واتای دیاریکردنی چارەنووس دێت، لەبەر ئەوە زۆر روون و ئاشکرایە و لەوەدا هیچ دوودڵیەك مەکەن".(**سایتی پەیامنێر**).

**هەلومەرجی ئێستا هەلومەرجی نوسینی دەستور نیە، دەستور لە هیچ کوێی دنیا لەسایەی سەرکوت‌و جەنگی تیرۆریستی‌و بە ئەمری داگیرکەران نەنوسراوە، بەڵام ئەحزابی قەومی‌و کوردو ئیسلامی سیاسی شیعی بە شێوەیەکی ئاشکرا هاواری ئەوەدەکەن کە "فرسەتە". سەرگەردانی و شەرو کوشتن‌و جەنگی تیرۆریستی‌و برسێتی‌و نەبونی‌و ئەسیرکردنی کۆمەڵگایەك‌و نەبونی کارەباوو ئاوو.... بۆ ئەم هێزانە بۆتە مایەی خۆشی شادی‌و بۆیە بە ئاشکرا چەمك‌و مەفهوم‌و دەستەواژەکانیش بێ هیچ سڵەمینەوەیەك هەڵدەگێردرێنەوەو پروپاگەندەی پێچەوانەو بریقەداریان بۆ دەکرێت. ئەوەتا بارزانی لە ڕیگای ئەم ڕاگەیاندنەیەوە دەوێت بە خەڵکی کوردستان نیشان بدات کە لە سەفەرەکەیدا " مافی دیاریکردنی چارەنوس"ی بۆ مسۆگەر کردون‌و لەمبارەوە پێویست بە " بەهیچ دوودڵیەك" ناکات. ئەم لێدوانە بەجیا لەوەی لە نێو خۆیدا دژ بەیەکە، چەواشەکارانەیەو ڕووی لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی کوردستانە. بارزانی ئارەزوی پارتی‌و یەکێتی دەخاتە جێگای ئارەزوی خەڵکی کوردستان، بەڵام بۆ بارزانی‌و هەردوو حزبی دەسەلاتدار ڕۆشنە کە ئارەزووی خەڵکی کوردستان شتێکی ترە. ئارەزوی خە ڵکی کوردستان ئارەزوی ژیان‌و گوزەران کردنە لە سایەی دەسەلات‌و دەولەتێکی عەلمانیدا، لە سایەی یاساو دەستورێکدا کە دین جیابێت لەدەوڵەت‌و پەروەردەو خوێندن، کە ژن‌و پیاو یەکسان بن لە بەرامبەر یاسادا، کە ژن کۆیلە نەبێت لە سایەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیدا. ئارەزوی ژیانکردنیانە لەسایەی دەوڵەتیکدا کە ئازادییە سیاسیەکان بەڕەسمی بناسێنێت، بەبێ هیچ قەیدو بەندێکی "ئاداب‌و نیزامی عام‌و مقدساتی وەتەنی‌و ئاینی‌و قەومی" ئارەزووی کۆتایهێنانیانە بە سەرکوت‌و بێمافی، کۆتایهێنان بە ژیانکردن لە ژێر سایەی میلیشاو پسولەی تەعین بون‌و ژمە نانی خێزانەکانیان بە کارتی سەوزو زەرد. ئارەزووی کۆتایهێنانیانە بە گەندەڵی ئیداری‌و... ئارەزوی ژیانکردنیانە لەسایەی دەوڵەتێکدا کە بەدوربن لەشەری قەومی‌و تائیفی، کە دوربن لە دڵەراوکێ‌و ترسی دوبارەبونەوەی کارەساتەکان لە ئاوارەیی‌و ئەنفال‌و سەرکوتی ڕۆژانە. ئەوەی بارزانی بردی‌و هێنایەوە لەگەڵ خۆیدا، بەتەوای دژ بە تەواوی ئارەزوو داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانە. خواستی خەڵکی کوردستان، جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆیە، ئارەزوی دەنگدانیانە لە ڕیگای ریفراندۆمێکی گشتی‌و ئازادەو بۆ جێبەجێبونی ئەم خواستەیان.**

مێژووی ئەم دەورەیەی دەسەلاتدارێتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ جارێکی دیکەش نیشانی دایەوە کە لە ڕێگای سات‌و سەوداو بەندو بەستەوە، بەبێ گوێدانە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، لەپیناو مانەوەی کورسیەکانی دەسەلاتی خۆیاندا ئامادەن مافی‌بڕیاردانی سیاسی خەلکی کوردستان سەرکوت بکەن، هەروەکو لە بەغدا کردیان. بەلاّم بارزانی‌و سەرکردایەتی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردو بزوتنەوە ریفراندۆمەکەشیان‌و بەشێك لە نوسەرانی ناسیونالست، دەیانەوێت، ئەم لکاندنی کوردستان بە "مافی چارەنوس" نیشانی خەڵك بدەن‌و بەدەستکەوتێکی گەورە بیقبولێنن بە خەڵکی کوردستان‌و بەم پێیەش دەیانەوێت لەم ڕیگایەوە ڕاپێچیان بکەن بۆ ریفراندۆمێکی ڕیسواو پوچ و جاریکی تر پەنجە مۆریان پێ‌بکەنەوە بۆ سەرکوتکردنی ماف‌و خواستەکانیان. ئەحزابی کوردی لە بەغدا نوێنەری خەڵکی کوردستان نەبون، وەفدی کوردیش نوێنەری سەرکردایەتی حزبە کوردییەکان بوون.

خەڵکی کوردستان ئەرکیانە بێنە مەیدان‌و بەر بەم پیلانە بگرن، بەر بەم گالتە جاریە بگرن، حوکم‌و دەستوری فاشیانەی قەومی‌و دینی قبول نەکەن. بڕژێنە شەقامەکان لە پێناو دابینکردنی خواستەکانیان، کە بریتیە لە ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆو مۆدیرن، کە دین تیایدا جیایە لە دەوڵەت‌و خوێندن‌و پەروەردەو کە تەواوی دانیشتوانی کوردستان لەسەر پایەی مافی هاوولاتیبونی یەکسان ڕیکدەخات، بێنە مەیدان لە پێناو ئەوەی ئازادانە ڕەئی دەربڕن‌و قسەبکەن‌و خۆپیشاندان بکەن‌و بەهۆیەوە زیندانی نەکرێن‌و تەقە نەکرێت لێیان‌و لە سەر کارەکانیان دەرنەکرێن، بێنە مەیدان لە پێناو ئەوەی لاوان ئازادنە بژین‌و لەسایەی فەرهەنگی داریزیو دواکەوتوی ئیسلامی سیاسیدا ماف‌و ئارەزوەکانیان سەرکوت نەکرێت‌و ناچار نەکرێن بەرەو هەندەران مل بنێن، کە ڕۆژانە ڕیژەیان لە زیادبوندایە. بێنە مەیدان لە پێناو مافی یەکسانی ژن‌و پیاو دا، لە پێناو گێرانەوەی کەرامەت‌و حەیسەیەتی ئیسنانی ژناندا، بێنە مەیدان لە دژی گەندەڵی ئیداریدا... حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەم خەباتەدا لەگەڵ ئیوەیەو ئەمە مەیدانێکی خەباتی سەرەکی ئێستامانە.

سامان کەریم

بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

30/ئاب/ 2005